چیرۆکی ژیانم

# باوکم لەبەر ژنەکەی واز لەئێمە دەهێنێ

**بەشی سێیەمو کۆتایی**

**پ.ن**



گەڕانـەوەمان بـۆ هەنـدەران ئـازارو رەنجێکـی زۆری لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ هێنامـەوە. مـن لەسـەرێکەوە هەستم بە ناڕاسـتی بـاوکمو بـاوەژنم کردبـوو، ئارەزووشم نەدەکرد وەك ئەوان لـە ژیانو دەوروبەر بڕوانم، لەسـەرێکی دیکەشـەوە زەنگی ئەوەم بۆ لێدرابوو کە مـن کوڕی دایکێکـی دیکـەمو بـاوکمو بـاوەژن لـێم دەشارنەوەو نایانـەوێ بـە دیداری شـاد ببمـەوە. باوەژنم بۆ ئـەوەی ئـەو زەنگـە لەمێشکمدا بسڕێتەوە هەمیشە دووپاتی لەسەر درۆزنی ئەو خزمـە دەکردەوەو بە ئاژاوەگێڕو گرفتخولقێن ناوی دەهێنا. ئـەو دووپاتی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خۆی دایکـی راسـتینی منـەو دەبـێ گێڕایـەڵی فەرمانەکانی بکەم، گوایە ئـەو لـە هـەموو کەس زیاتر خەمخۆرو پەرۆشـی داهـاتووی منـە. قسـەو بانـدۆرەکانی شـتێك بـوونو رەفتارەکانیشـی شـتێکی دیکـە. وردە وردە بازنەی هەڵسوکەوتو ژینگـەی منی بەرتەسـك دەکـردەوە. لـە ماڵـەوە بـۆ قوتابخانەو لەقوتابخانەش بەبێ دواکەوتن بۆ ماڵەوە. دواتر بۆ خۆی ماشێنی کڕی، هاتووچۆی قوتابخانـەی پێدەکردین. مـن جێگەی خزمەتکارو بەردەستم گرتبۆوە. دەبوایە یاری لەگەڵ خوشکە چووکەکەم بکەم، ژێری بکەمـەوەو پاکی بکەمـەوە. دەبوایە وانەش بە براکـەم بڵێمو رێنوێنی بکەم. کاتی چوونە سەر کۆمپیوتـەرم زۆر کـەم ببـۆوە. کـاتێ دەچـوومە سـەر کۆمپیوتـەر بـاوەژن لـە دەرەوە کێبڵـی ئینتـەرنێتی دەردەهێنـا. بـەو هۆیەشـەوە لەهـەواڵو زانیاریـەکان بێبـەش دەبـووم، نەمدەتوانی دۆسـتو ئاشنا پـەیدا بکـەم. ئەو درێژەی بە کارەکەی خـۆی دەدا، مـن دەمویست فێڵی لێبکەم، لەبەرچاوی ئـەو وامدەنواند کە حـەزم لـە ئینتـەرنێت نیـەو رقم لێدەبێتەوە. ئەوەش بیانۆیەکی باش بـوو بـە دەسـت باوەژنـەوە تـا رێگـەی کوڕەکەی بدات بچێتە سـەر ئینتـەرنێتو زیـاتر یـاری بکـات. ئـیتر فریـوم دا. لەبەرچاوی ئەوانەوە هـەرگیز نەدەچوومە سەر کۆمپیوتەر، ئەگـەر بچووبامایە سـەر کۆمپیتـەریش تـەنیا دەرسـەکانم مەشـق دەکـردو ئینتـەرنێتم نـەدەکرد. ئیـدی ئـەویش وازی لـە کێبـڵ دەرهێنـان هێنـا. دڵنیـابوو کـە زەوقـم لەسـەر ئینتـەرنێت نـەماوە. ئەمـە دەرفـەتێکی باشـی بـۆ رەخساندم تا شەوانە بە بیانۆی مەشقی وانەکانمـەوە لەسـەر کۆمپیتەرەکـەم بمێنمەوە، شـەوانە کـاتێ بـاوکمو بـاوەژنم دەچوونە ژوورەکـەی خۆیـان، ئینتـەرنێتم بـە کاردەهێنـا. لەبەرانبـەر ژوورەکـەی ئەوانـەوە ئاوێنەیـەکی گـەورە هـەبوو، هەرکـە دەهاتنـە دەرێ لەژوورەکـەی ئێمـەوە وەدیـار دەکـەوتن، ئـەوان ئاوێنەکـەیان بـۆ سیخوڕی لەسـەر ئێمـە دانـابوو، دەبوایـە هەمیشـە دەرگـەی ژوورەکـەمان کـراوە بـێ، بـەڵام تـەواو پێچەوانە شکابۆوە، من بۆ ئاگاداربوونەوە سـوودم لێـوەردەگرت، هـەرکاتێ ئـەوان دەهاتنـە دەرێ، یەکسـەر لاپـەڕەی نووسینو کارەکانم دەکردەوەو (ئێم ئـێس ئـێن)م لا دەبـرد. لەرێگـەی چـاتو ئینتەرنێتـەوە دەیـان هـاوڕێو ئاشـنام پەیدا کـردن. ئـەوەی لەهـەموان زیـاتر سەرنجی راکێشابووم ئـەو پیاوە بوو کە بەردەوام لەسایدی من رادەوەستا، هەرکە دەچـوومە نـاو (ئـێم ئـێس ئـێن) یەکسـەر سڵاوو رۆژباشی لێدەکردم. هەستم دەکرد ئەو کەسە زۆر بەباشی ئێمە دەناسێ، ئەو بۆخـۆی دەسـتی پێـدەکردو باسـی بنەماڵـەی ئێمـەی دەکـرد. ئـەو باسـی بـاوکمو مامـەکانو خزمـەکانی ئێمـەی دەکرد. ئەو سەبارەت بە دایکمو براکـەم زانیـاری پێـدەدام. جارێکیـان پێیگـوتم: ئەگـەر دەتـەوێ بـانگی دایکتو براکـەت دەکـەم تـا بێنـە سـەر کۆمپیتـەرو تـۆش لـەکامێرا سـەیریان بکـە. سـەرەتا ملـم نەدەدا، دەترسام ئەگەر بیانبینم خۆم بۆ نـەگیرێو لـەلای بـاوەژنم بیگێڕمـەوە. بـە جـۆرێکی ئـەوتۆ منـی ترسـاندبوو کـە دەبووایـە خەونـەکانی خـۆشمی بـۆ بگێڕمەوە ! !. دوای سـەدان چـات کـردن، دوای وەرگرتنـی هـەزاران زانیـاری لەسـەر بـاوکمو بـاوەژنو دایکـمو خزمـەکانی دیکـەمان، سـەرەنجام بـۆ خـۆم ژمـارە تەلـەفۆنی خـۆم پێـداو پێمگـوت: ئەگـەر ئەوان دەیانەوێ قسەم لەگەڵ بکەن با لـە کاتی دیـاریکراو تەلـەفۆنم بۆ بکـەن. ئـەو کاتـەی مـن دیـارم کردبـوو، مـن دەوامـی قوتابخانـەم هـەبوو، دەبووایـە بـە فێڵێـك خـۆم بدزمـەوەو بچـمە گۆڕەپانەکـە. بـە بیـانۆی ئـەوەی شـەو درەنـگ خەوتوومـە داوای مۆڵـەتم لـە مامۆسـتاکەم کـرد، ئـەویش 20 دەقیقـە مۆڵـەتی پێـدامو ئامۆژگاریشـی کـردم کـە شـەوێکی دیکـە هێندە درەنگ نەخەوم. لە کاتی دیاریکراو لـە سوچـێکی گۆڕەپـانی قوتابخانـە چـاوەڕوانی تەلـەفۆنم دەکـرد. زەنگـی تەلـەفۆن لێیـدا، سـەیری ژمارەکـەم کـرد، هـی دەرەوەی وڵات بـوو، دەنگـی ژنێکـی داماو لـە دوورەوە بـە (پەرێشـان) بـانگی کـردم. تـەزووێکی گـەرم بـە جەسـتەمدا گوزەری کرد، بەهەزاران دەردەسەریو لە ژێر لێوانەوە وەڵامم دایەوە، ئەو دەگریـام منیش دەگریام، بێئاگا لەوەی کـە براکـەم لەدوورەوە سـەیرم دەکـات، نـازانم بۆچـی لەوکاتـەدا ئـەوان رێسـتیان هـەبوو، لـە گۆڕپانەکـە یارییـان دەکـرد. بـە پەلـە تەلەفۆنەکـەم داخسـتەوەو تەلـەفۆنم بـۆ باوەژنم کرد. ئیدی گەڕامەوە پۆلەکەم.

دەمزانی براکەم دەیگێڕێتـەوە، بۆیـە یەکسـەر خـۆم گێڕامـەوە: دایکـە گیـان ئـەمڕۆ کچێك تەلـەفۆنی بۆ کـردمو داوای خۆشەویستی لێدەکردم.

ئـەویش بـە پێکەنینـەوە: کـچ وا دەزانـن کـوڕی مـن گـەورەبووە، نـازانن هێشـتا منداڵـە، ئەگـەر جـارێکی دیکـە تەلـەفۆنی بـۆ کردیتـەوە، بـە رووی دابخەرەوە، باشە ! !.

بەو هۆیەوە پێوەندیم لەگـەڵ دایکمو براکەم پەیدا کـردەوە. ئـەوان رێنوێنیـان دەکردمو داوایان لێدەکردم کە بچمەوە لای ئـەوان. دەمزانـی ئـەو کـارە هێنـدە ئاسـان نیـە. ئەگـەر بـاوکمو بـاوەژن بیانزانیایـە خـراپ دەقـەوما. هـەوڵو کۆششـم ئـەوەبوو ئاشـکرا نـەبێو ئـەوان پێنـەزانن. زۆر بـە دزییـەوە پێوەنـدیان لەگـەڵ دەگـرتم، مـن نەمـدەتوانی تەلـەفۆنیان بـۆ بکـەم، چونکە بـاوەژنم رۆژانـە کـۆنترۆڵی تەلەفۆنەکـەمی دەکردو لـە پارەکـەی دەپێچـایەوە. بـە وریـایی پێوانـەم دەکـرد، ئەگـەر بـۆ دەرەوەم تەلەفۆن بکردبایە پارە زۆر دەڕۆیشتو بە دیاردەکـەوت. بەهۆی رێنـوێنی ئەوانـەوە بـە دزییـەوە لەگـەڵ مامۆستاکانم ئـەو مەسەلەیەم باس کرد. ئـەوان بـەڵێنیان دا کـە هاوکـاریم بکـەنو بـاوکم ئاگـادار نەکەنـەوە. تەنانـەت مامۆسـتاکانم تەلەفۆنی خۆیان دەدامێ تا تەلـەفۆن بۆ دایکم بکـەم. هێـواش هێـواش ئاواتـەکانم چـڕۆیان دەکـرد، خـەون لەراسـتی نزیـك دەبـۆوە. بـاوکمو بـاوەژنم وەکـو جـاران رەفتاریـان لەگەڵدا دەکـردم. باوەژنم زۆر جـاران لێـی دابـووم، داغـی کردبـووم، خواردنی پێنەدابوومو بە قژ رایکێشابووم. من لە کۆتایی بەرنامـەکانی خـۆمدا بـووم، جارێکیان بـاوەژن داوای لێکـردم کـە بچم خوشـکە چـووکەکەم پـاك بکەمـەوەو جلەکانی بگۆڕم، منیش بە بیانۆی ئـەركو مەشقەکانم رەتم کردەوە، ئەو تووڕە بوو، پـەلاماری دام، ویسـتی رامبکێشـێو لێمبدات، من دەرگەم داخست، دەستم لـە بـەینی دەرگـە گیربـوو. ئـەو بـە توونـدی رایکێشـا، دوو پەنجـەم شـکا. بـەو حاڵەشـەوە وازی لێنـەهێنام، دارکـاری کـردم. هەرچـەندە هـاوارم دەکـرد کـە دەستم شکاوە، ئەو بەزەیی نەدەهاتەوە. لەو کاتـە بـاوکم هاتـەوە، بـاوەژن بەسـەر باوکمدا قیژانـدی، گـوتی: سـەیری کوڕە بەڕەڵڵاکـەت کـردووە، چـۆن بـە گـوێم ناکـاتو پـەلامارم دەداتـەوە. بـاوکم بـێ ئەوەی لە رووداوەکە بکۆڵێتەوە پـەلاماری دامو لێیـدام. بـە شـێوەیەکی زۆر خـراپ دارکاریان کردم. براکـەم سگی پێمسـوتا، دەستی بەگریان کردو پەلاماری دایکی دا. ئـیتر وازیـان لێهێنـام، مـاوەی 4 رۆژ لـە جێگە کەوتمو نەمتوانی بچمە قوتابخانـە. بـاوکم بۆخـۆی چـووبوو مۆڵـەتی بـۆ وەرگرتبـووم. مـن نەمدەویسـت بـاوکم بشکێنم، کە چوومەوە قوتابخانەش باسی لێدانو دارکاریەکەم نەکرد، گوتم: دەستم کەوتە بە دەرگەو دوو پەنجەم شکاوە.

چـەند مـانگ بەسـەر ئـەو رووداوە تێپـەڕی بـوو، کەچـی دایکمـم ئاگـادار نەکردبۆوە، تەنیا باسـی سـەردانی ئـەوانم بۆ دەکرد، ئەویش لە خۆشیانا نەیدەزانی چۆن چۆنی سوپاسم بکات. ئەو دەیگوت: (هاتنەوەی تۆ واتـای لـە دایك بوونـەوەی مـن، بـە هاتنـەوەی تـۆ ژیـانێکی نـوێ دەسـتپێدەکاتو بەختـەوەری روومـان تێدەکات). رۆژێکیان لەگەڵ مامۆستاکەم باسـی سـەفەرم کـرد، ئـەو زۆر دڵگـەرمی کردم. مامۆستاکەم بڕیاری دا خۆی ئـەو مەسەلەیە لەگەڵ باوکم باس بکات. کـاتێ باسی کردبوو، بـاوکم سوور هەڵگەڕابوو، بـە درۆی خسـتبوومەوە. مامۆسـتاکەم هـەموو شـتێکی تێگەیاندبوو، پێیگوتبوو لـەم رۆژانـە سـەفەر دەکـاتو دەچێتەوە لای دایکـیو براکـەی، ئیـدی بـاوکم چـۆن رۆیشـت نەهاتـەوە، بـە مامۆسـتاکەمی گوتبوو: ئەگـەر وایـە بـا نەیەتـەوە لای ئێمە. بەم شێوەیە باوکم وازی لـە منیش هێنا.

مـاوەی 20 رۆژ لـەماڵی یـەکێ لـە مامۆسـتاکانم مامـەوە. دواتـر ئـەو خـۆی لەگەڵم هاتە فڕگەو بەڕێیکردم، منیش بە دایکـمو براکـەم شـاد بوومـەوە، بـەڵام باوکمو ئەوانی دیکـەم لـەکیس چـوو. بـەم جۆرە بـاوکم لەبـەر ژنەکـەی وازی لـەمنو براکەمو دایکم هێنا.



# دەروون

**دونیا**

## وەهمی ئارامش

ئارامیو ئاسایش ئاواتی هەرە دێرینەی مرۆڤەو لەپێناویدا هەزاران ساڵ لـە تێکۆشانو ململانێدا بـووە لەگـەڵ دەوروبەرەکـەی تـابتوانێ تیکەیـەك نـان بـە ئاسوودەیی بخوات. جاران خەمەکانی مرۆڤ سادەو ساکار بوونو کـەمی رێـژەی دانیشـتووانو دابـەش بوونیـان بەسـەر شـارو گونـدەکانو کـەمی هۆیـەکانی گەیاندن وای لێیان کردبـوو کـە تـەنها بیر لـە بەخێوکردنی ماڵو منداڵـەکانیان بکەنەوەو گوێ لە سیاسیەتو نهێنییـەکانی پشت سیاسـەتەوە نـەگرێ، بـەڵام مرۆڤی ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئاگاداری زۆربەی رووداوە وردو درشتەکانی دنیایە، دەزانێ رووداوەکە کەی رووی‌دا!، کێ لەپشتییەوە بـووە؟ بۆچی مەبەستێك وایان کرد؟!. دەزانێ گرانی بۆ دێتو هۆکاری چییە؟ دەزانێ بۆچی ناوچە ئاڵۆزەکان شەڕیان تیا دەکرێو بۆ چیش بن نانێتـەوە؟، بـەڵام دەسەڵاتی چارەسەری نییەو چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی قـەدەر. وڵاتـی عێراق یەکێکە لەو بازاڕە گـەرمو ئـاڵۆزەی کـە ئێسـتا بـەهۆی سـاغ کردنـەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکانـەوە ئـارامیو ئاسـایش تیایـدا بـووە بـە وەهـم لـەلای خەڵکی وڵاتەکەو وەکو چیرۆکە هەزارو یەك شەوەکەی هارونی لێ هاتووە. کـەم ئومێدیو رەشبینی بەشێوەیەك لەهەنـدێ شـوێنی ئـەم وڵاتـە کـاری لەمێشـكو بیرکردنەوەکان کردووە کە خەریکە (ئەندۆ)یەك بکەنو بگەڕێنەوە بۆ ڕابـردوو. ئەم حاڵەتە حکایەتی پیاوێکی بەیادم هێنایەوە کە وتی: لە ژیانمـدا دوو ئـاواتم هەبوو یەکێکیان هاتۆتەدیو یەکێکیان مـاوە.. وتیـان توخـوا ئاواتـەکانت چـین ئەگەر پێمان نەڵێی. وتی یەکەمیان ئاواتم بوو کە رژێمی بەعس بڕوخێو کـورد ببێ بـە حکومـەت، لـەخوا بـەزیادبێ ئـەوە بـوو، وتیـان ئـەی دووەم وتـی وەڵا ئاواتمە ئەم حکومەتەش نەمێنێ.. بزانـە ئـەو پیـاوە لـە چ ناخێکـەوەو بـەهۆی چییەوە ئەو قسـەیە دەکـات.. پـڕۆژەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە کـە لـە لایـەن ئەمریکییەکانـەوە پێشـنیارکراوە، کۆمـەڵێ ئارمـانجی گـەورەی تیایـەو دووان لـەو ئامانجانـە دابـین کردنـی ئـەمنو دانـانی سیسـتەمێکی نـوێی پەروەردەیـە لەناوچـەکە. مەسـەلە ئەمنییەکـە وەکـو ئـەو بڕیـارە وایـە کـە حکومـەتی کوردسـتان بـەکارهێنانی مـوڵکی دەوڵـەتو ئۆتۆمـۆبیلی دەوڵـەتی لەدوای دەوام قەدەغە کردووە، بەڵام نـەك هـەر جێبـەجێ نـەکراوە، بـەڵکو لـە هەندێ شوێن جگە لە کاری خۆیان کرێشی پێدەکەن، پۆلیسی عێـراقیش نـەك نەیانتوانیوە ئاسایش دابین بکەن بەڵکو لە هەندێ شوێن هاوکاری تیرۆریستانو تێك دەرەکانن، بۆیە کابرایەکی وەکو (جۆرج کەیسی) دەڵێ دەتـوانین لـەدوای (18 مـانگی) دیکـەو لـەژێر چـاوردێری خۆمـان دۆسـیەی ئـەمنی تەسـلیمی عێراقیەکان بکەین.. ئامانجی دووەم کە پەرەوەردەیـە خەریکـە وەکـو بڕیـاری عەرەبانـەکان سـەر دەگـرێو خوێنـدکار بـووە بـە کەڵـەگای مامۆسـتاو تاقیکردنەوەکان خەریکە وەکو هۆڵی دادگەکانی لێ دێو قوتابی پـۆلی یەکـەمی سەرەتایی لەمەودوا هاوشانی ئـەلفبێ نوقستانەکەی خۆمـان زمـانی ئینگلیـزی دەخوێنێ.. ئەمە ئەو دنیایە کە لەدوای دڕنـدەترین دیکتـاتۆر دەیبینـین بۆیـە پیاوەکە ئاواتی دووەمی هەڵدەبـژێرێت. دەوڵـەت بـە سـەرەك هـۆزو عەشـایەرو (عصـابە) بنیـات نـانرێ، چـونکە ئەوانـە خۆیـان لـە بنەڕەتـدا ئـەهلی کێشـەو ئاژاوەن، تەنانەت لەناو بنەماڵەو هۆزەکانی خۆیشیان. بە پێچەوانەوە دەوڵەتی پڕ لە ئارامش بە کەسی دڵسۆزو نیشتمان پەرەوەرو دەست پاك بنیـات دەنـرێ کە دەتوانێ خەونو ئاواتەکانی خەڵکی لـە ئـەرزی واقعدا بکات بەراستییەکی سەلمێنراو.

# بۆچی فێمینیزم دوژمنی ئەوەندە زۆرە؟

**لەیلا**

دەکرێـت بـە چـەندین رۆژو تەنانـەت مانگو ساڵ دانیشینو باس لـەوە بکـەین کە چۆن "مۆدرنیتە" لە وڵاتـانی ئـەوروپایی لە پرۆسەی بەسەنعەتیبوون سەرچاوەی گرتو گەشەی پێدراو پێگەیشت، بەڵام لەلای ئێمەی کـورد ئـەم پرۆسـەیە کـورتو کـورتتر کراوەتـەوەو بـە تـەنیا کڕینـی بەرهەمـەکانی ئەوانو دانانی تیڤیو تەلـەفۆنو کۆمپیوتـەر لـە ژوورەکانمانـدا هەوڵمانـدا خـۆ بگەیەنینـە "مۆدرنیتە".

بەرهەمەکان لەزیادبووندانو هـەر رۆژ بـە شـێوەیەك لەشـێوەکانو بـە ئـامرازێکی نـوێ دەگـەڵ سـەردەمی تـازەو مۆدێرنمان ئاشـنا دەکـەن. ئـەم تازەبوونـەوە لـە دەرەوەی چـواردیواری ژوورەکـانیش خۆدەنـوێننو کۆمەڵگـە دەگـەڵ کۆمـەڵێك پـرسو ڕاو بۆچوونی تازە بەرەوڕوو دەکەنەوەو رێك ئـەم بەردەوام تازەبوونەوەیە کـە بـەرۆکی نیزامـی داڕێـژراوی ژیـانو کۆمەڵگـەی ئێمـەیش دەگرێـتو شـێوازە کۆنـەکانو قاڵبـە پەسـندکراوەکان دەباتـە ژێـر پرسیارو لـە راستیو دروستیان گومان دەکات.

ویستی گۆڕان هەیە. گۆڕانی خـۆت وەك تـاكو جیهـانی دەوروبـەرت. لـە هـەمان کاتـدا رەنگە ئەو ویستە تێکەڵاوی ترس بێت، تـرس لـە شـتە نەناسـراوەکان، تـرس لـە سەرلێشـێواوی خۆمـان، تـرس لـە پڕنەبوونـەوەی بۆشـاییەکان بـەدوایی دەستهەڵگرتن لەباوەڕی کۆنو سـەروژێربوونی ئەو چوارچێوانەی پێیـان راهـاتووینو تێیانـدا جـێ کراوینـەوە. "مۆدرنیتـە" دەتوانێـت زۆر شتی قورسو گران، زۆر دابی کۆنو نـەریتی ریشەداکوتاو بخاتـە مەترسییەوەو وشکیان کـاتو لەبـەر چاومانی بخات. بۆیـە ویسـتی گـۆڕین تێکـەڵاوی ترسـێکی نـامۆ لـە نەناسراوەکانە.

بمانەوێ یا نا، — تەنانـەت ئەگـەر تـەنیا لەرێگەی هاتنی تیڤیو تەلەفۆنو کۆمپیوتـەرو مۆبایـلو... بـۆ نێـو ماڵـەکانیش بـێن— مۆدێرنیتـە پێـی گەیشـتۆتە لای ئێمـەشو نـاتوانین حاشـا لـەم راستییەش بکـەین کـە دەگـەڵ هـەموو ئـەو دیاردانـە، بـیری "تاکەکەسـی" شـی دەگـەڵ خـۆی هێنـاوەو گرفتەکـەش رێـك لـەوێڕا دەسـتپێدەکات. بیرۆکـەی "تـاك" و "تاکەکـەس" دەگـەڵ بنـەماوی بـاوەڕی بـاوی "کـۆ" و "تایفـە" و "ئێـلو عەشـیرەتی" لـەلای ئێمـە نایەتـەوەو ئێمەمانانیش، مرۆڤی کوردی ئـەم سـەردەمە، نەمانتوانیوە خۆ لەچەنگ ئـەو بـاوەڕەی پێـی بارهاتووین رزگار بکەین. بۆیە لەهـەمان کاتـدا کـە خێـراو گورجوگـۆڵ دەرگـەی ماڵـەکانمان بەرووی دیاردەکانی "مۆدرنیتـە" وەك تیڤـیو تەلـەفۆنو مۆبیـلو.. دەکەینـە، بـە هـەمان خێـراییش دەرگـەی بـیرو تێگەیشـتنمان لەبیرۆکەیـەکی تـازە وەك "تــاك" و "تاکەکەس" گاڵە دەدەینو خۆمانی لێ گێـل دەکـەین. هـەروەك "عەشـیرە" کـچ لەبێگانـە ناخوازێت، ئێمـەش بـیری تـازە لـە دەرەوەی دونیـای خۆمـان وەرناگریـت، چـونکە لێـی دەترسین.

بنـەمای پـەروەردەکردنی ئێمـە " بـۆ ئەوانی تر، ژیانە" تۆ وەك تۆ، وەك تـاك، وەك تاکەکەس، تەنیا لە پێوەندی دەگـەڵ ئـەوانی تـردا مانـاو مـافی بـوون پـەیدا دەکـەی. بەتایبـەتی ئەگـەر ژن بێت بوونـت لـەپێناو کۆمـەڵێك ئـەركو دەوری دیـاریکراودا مانـا پێدەبەخشـی. دەوری دیـارکراوت پێناسـەی تۆیە. ئەرکی سەرشانتە شوو بکـەی. ئـەرکی سەرشانتە ببی بەدایك. ئەرکە ببی بە دایکی کوڕان. ئەرکە کابانی چاك، دایکێکی بەسـۆزو هاوسـەرێکی بەئەمـەك بیو خزمـەتی هـەموو ئەندامانی بنەماڵەکەت بکـەی. ئـەو بـاوەڕەی ئێمـەی پـێ پـەروەردە بـووە، وا دەڵـێ. هـەر بـاوەڕێکی تـازەو هـەر نیزامێکـی نـوێ ئـەم قـەوارەو ئـەم چوارچـێوە پەسـندکراوە تێکبداتـەوە، حاشـای لێدەکرێتو بـە خـراپ دادەندرێتو دوژمنی دەگەڵ دەکرێت.

ئێمـە بـە "کـۆ" راهـاتووین. بنـەمای باوەڕمان "ئێمە" و "ئەوانە". هەرچی لە (مـە) نییـەو وەك ئێمـە نییـە "ئەوانـە" و ئـەوان، نەناسـراوەکان، تازەکـان، هەمیشـە بەچـاوی دوژمـن سـەیریان دەکـەینو دەبـێ، دەبـێو دەبێ دوژمنایەتیان بکـەینو لـەنێو خۆمانـدا رێگەیان پێ نەدەین.

فێمینیزم، ئەو بیریـە کـە ژن وەك تـاك، وەك تــاکی سـەربەخۆ دەبینێـتو باسـی دەکاتو ئەوە خۆی سەرەتایەکە بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگەی ئێمە لێی بەدگومان بێ. فێمینیـزم باسـی ژن وەك مرۆڤـی ئـاوزادو مافـەکانیو باسی ئەو دەسـەڵاتەی ژنـی چەوسـاندۆتەوەو دەیچەوسـێنێتەوە دەکـات. فێمینیـزم نـەك باسـی پیـاو کـە باسـی نیزامـی پیاوسـالار دەکات. فێمینیزم ریشەکانی نیزامی پیاوسالار دەخاتـەبـەر بـاسو لێکۆڵینـەوەو داوای گۆڕانکاریو پێکهاتنی سیستەمێکی یەکسـانی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکات. کۆمەڵگەیەك کە نیزامـی دەسـەڵاتەکەی، مافـەکان، یاسـاکانو ئەرکـەکان بـەپێی جنسـییەت لەیـەك جیـا نەکاتـەوەو تـەنیا مـرۆڤو تواناییـەکانی مـرۆڤ، گرنگیان پێبدرێت.

فێمینیزم بەو بـاوەڕەی کـە بەیەکسـانی ژنو پیـاوی هەیـە دێـتو نیزامـی داڕێـژراوی کۆمەڵگەیـەك وەك کۆمەڵگـەی کـوردەواری دەخاتـە ژێـر پرسـیارو دەگـەڵ دیـاردە پەسـندکراوەکانی کـە مافـە ئاساییەکانی ژن پێشێل دەکەن رووبەڕوودەبێتـەوە. فێمینیـزم بـاوەڕی پیاوسـالاری رەد دەکاتـەوەو هـەر ئـەوەش هـەموو ئەوانـەی بـەم بـاوەڕە بارهاتوونو بنەمای ژیانیان لەسەر دارشتووە، تـوورە دەکـات. فێمینیـزم هەڕەشـەیەکە بـۆ دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا. هەڕەشەیەکە بـۆ ئـەو هێـزو بـاوەڕەی وا دەکـات مرۆڤێـك مرۆڤێکی دیکە بچەوسێنێتەوەو رەتکردنـەوەو دوژمنایەتی دەگەڵ فێمینیزم لـە کۆمەڵگـەی ئێمەدا تـەنیا ئـەم راستیە دەسـەلمێنێت کـە بـاوەڕی داسـەپاو نـەتوانایی ناسـینو لـێ وردبوونەوەی بیرێکی تازەی هەیەو نەویستی ئـەم ناسـینەو لێ وردبوونـەوەی لـەلا پەیـدا دەبێت، لەترسان لەرووی نەزانینەوە فێمینیزم بە "ژن سالاری" یا بـە "بـیری دژە پیـاو" لێدەکەنـەوەو دەیاننـاسـێنو خـۆی لێ دەپارێزن.

ئەگەرچـی لەشـێوەی ژیـانی "عەشـیرەتی" زۆر دوورکەوتووینەتـەوەو رەنگە ژمارەیەکی کەم لەکورد هێشتا هەر لەم دابە بژیت، بەڵام مخابن بایەخەکانو باوەڕە عەشـیرییەکان هێشـتا هـەر لەنێوماندا هـەر زیندوو و بەهێزن. ئەو شتانەی کە گۆڕدراون زۆربـەیان ساکارو بچـووکن، وەك نەجیبـە مـەحمود جارێـك گـوتی گۆڕانکاریـەکان رووکەشـن، لـەبیرمان بێـت کـە ئێمـە ئۆتۆمۆبیلمان هێنایە سەر شەقامەکانی نێو شـارەکانمان، بـەڵام قـەت لەبەرچـاوگرتنی یاسـاکانی کـەڵك وەرگـرتن لـەئۆتۆمبیل نەبووین.

کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیـەکی ساکارو لـەزۆر بوارانـدا پێنەگەیشـتووە. رێـژەی نەخوێنـدەوارمان هێشـتا هـەر زۆرە. رێـژەی خوێندنـەوەمان هـەر نزمـە. لێکدانـەوەمان لەسـەر نووسـراوە فێمێنیسـتیەکان بۆچـوونەکان لەسـەر فێمێنیسـتەکان لاوازو بێبنـەمان. دابـی بـاو لـەلای ئێمـە وایـە بـۆ رەتکردنەوە یا پەسندکردنەکانمان پاڵپشتی زانسـتو راسـتی نـین. ئەوانـەو رۆژانـە بەرەورووبوونـەوە دەگەڵ ئـەو هەڵوێستانەی لەسـەر فێمینـیزم دەگیرێـت، بـەو باوەڕەمـان دەگەیەنێت کە دوژمنایـەتی لەگەڵ فێمینیـزم لـەلای ئێمـە زانسـتی نیـەو فێمینـزیم لـەنێو کوردەواریدا دوژمنی لێزانی نیـە ! جـودا لـەم تـرس، لێنـەزانینو تێنەگەیشـتنە، هۆیـەکی گرنگی دوژمنایەتی کردن لەگەڵ فێمینیزم، کە "نـا" راستەوخۆ دەبێتـەهۆی بـەهێزتربوونی نیزامـی پیاوسـالاری، مەسـەلەی بەرژەوەندییە ! گرنگە لەبیرمان بێت ئـەوکات کە ژنان دەستیان کرد بە باسکردن لـەخۆیان، لـەژیانیان، لەشـیان، چارەنووسـیانو مافـەکانیان لەگشـتی، دەسـەڵاتو بـاوەڕی داسـەپاو هەسـتی بـە مەترسـی کـردو ئـەو وەدەنگهاتنـەی وەك خەتـەرێکی گـەورە بەرانبەر بەخۆی هەست پێکرد. هەرچی ژن ئاگادارترو وشیارتر بێتـەوە ئـەو دەسـەڵاتەی دەیچەوسێنێتەوە، زۆرتر هەست بەمەترسی دەکات. ئیتر ژنا تـەنیا لەپێوەندی دەگـەڵ پیـاو مانـا پەیـدا ناکـات: دەبێـت بـەزاتێکی سەربەخۆ، دەبێتە کەسایەتیەکی سـەربەخۆ، دەبێتـە مرۆڤێکـی سـەربەخۆ، دەگەڕێتـەو سروشتی راستەقینەی مرۆڤایـەتی، کـە ئـازاد لەدایك بووەو مافی خۆیەتی بە ئازادی بژی.

پیـاو فێرکـراوە فێـرە بـە بەرژەوەنـدی خۆی بزانێت کە ژن ژێر چەپۆکەی ئەو بێت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە بیـانۆی ئـەوەی ژن ناموسـی پیـاوە، دەبێتـە حـاکمو خـاوەنی لـەشو ژیـانی ژنو چارەنووسـی بـۆ دیـاری دەکات. بیرێك کە دێتو ئەم "بەرژەوەند"یە دەخاتە مەترسییەوە، بێگومـان دوژمنایـەتی دەگەڵ دەکرێت.

www.dimane.com